# چۆن حەسیر تەڵ تەڵ دەچنرێ؛ ئاوا فیتنەکانیش چین لە دوای چین دەچەقنە لای دڵ

لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە لای عومەر دانیشتبووین -ڕەزای خوای لێبێت-، ووتی: کامتان بیستوویەتی کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسی فیتنە وئاشووبەکان بکات؟ چەند کەسێك ووتیان: ئێمە بیستوومانە، -عومەر- ووتی: لەوەیە مەبەستتان فیتنەی پیاو بێت لە خێزان ودراوسێکەیدا؟ ووتیان: بەڵێ، -عومەر- ووتی: ئەوە نوێژکردن وڕۆژووگرتن وخێرکردن؛ دەبێتە هۆی پاکبوونەوە لێیان، بەڵام کامتان بیستوویەتی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەو فیتنانە بکات کە شەپۆل دەدات وەکو شەپۆلی دەریا؟ حوزەیفە ووتی: (ئەم قسانە) خەڵکەکەی بێدەنگ کرد، ووتم: من بیستوومە، -عومەر- ووتی: تۆ باوکیشت بۆ خودا سوڵحاو بووە بۆیە ڕۆڵەی وەکو تۆی لێکەوتۆتەوە، حوزەیفە ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «چۆن حەسیر تەڵ تەڵ دەچنرێ؛ ئاوا فیتنەکانیش چین لە دوای چین دەچەقنە لای دڵ، هەر دڵێك لێی بخواتەوە؛ ئەوا خاڵێکی ڕەشی لەسەر دەکووترێت، وهەر دڵێك نکۆڵی لێبکات؛ ئەوا خاڵێکی سپی لەسەر دەکووترێت، هەتاوەکو دڵەکان دەبنە دوو بەشەوە، دڵێك سپیە وەکو بەردی مەڕمەڕ وهیچ فیتنەیەك زیانی پێناگەیەنێت هەتا ئاسمانەکان وزەوی بمێنن، ودڵەکەی تر ڕەش باوێکی دێزە وەکو گۆزەی لار وایە؛ خێر وچاکە ناناسێت، ونکۆڵی لە شەڕ وخراپە ناکات، مەگەر ئەوە نەبێت کە بە پێی هەوا وئارەزووی خۆیەتی»، حوزەیفە دەڵێت: ووتم بە عومەر: لە نێوان تۆ وئەو فیتنەیە دەرگایەکی داخراو هەیە خەریکە دەشکێنرێت، عومەر ووتی: ڕشت بە، ئایا ئەو دەرگایە دەشکێنرێ؟ ئەگەر بکرایەتەوە باشتر بوو، چونکە ئومێد هەبوو کە دیسانەوە دابخرێتەوە، ووتم: نەخێر، بەڵکو دەشکێنرێت، وپێیم ووت مەبەست لەو دەرگایە پیاوێکە دەکوژرێت یان دەمرێت؛ قسەکانیشم هەڵەی تێدا نییە، ئەبو خالد دەڵێت: ووتم بە سەعد: ئەی ئەبو مالیك، مانای (أَسْوَدُ مُرْبَادٌّ:ڕەش باوی دێز) چییە؟ ووتی: سپێتیەکی زۆر لەناو ڕەنگی ڕەشدا، دەڵێت: ووتم: ئایا مانای (الْكُوزُ مُجَخِّيًا:گۆزەی لار) چییە؟ ووتی: هەڵگەڕاوەتەوە وسەر بەرەو خوار لار بۆتەوە.

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێشەوای ئیمانداران عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- لە دانیشتنێکدا بوو وکۆمەڵێك لە هاوەڵانی لەگەڵدا بوو -ڕەزای خوایان لێبێت-، پێیانی ووت: کامتان بیستوویەتی کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسی فیتنە وئاشووبەکان بکات؟ چەند کەسێك ووتیان: ئێمە بیستوومانە باسی فیتنەکان بکات، عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: لەوەیە مەبەستتان تاقیکردنەوە وفیتنەی پیاو لە ژیانی تایبەتیدا: لە ژن ومنداڵەکانی بەهۆی زێدەڕۆیی لە خۆشەویستی بۆیان، وڕەزیلی کردنی بۆیان یان لەئاستیان، وسەرقاڵ بوونی پێیان لەسەر حسێبی زۆرێك لە خێر وچاکە، یان لە کەمتەرخەمی لەئاست جێبەجێکردنی مافەکانیان وپەروەردە وفێرکردکردنیان، بەهەمان شێوە فیتنە وتاقیکردنەوەی پیاو لە دراوسێکەیدا وبەو شێوەیە ئەوانی تریش، ئایا مەبەستتان ئەمەیە؟ ووتیان: بەڵێ، عومەر ووتی: ئەم فیتنانە لێپرسینەوەی لەسەرە، هەندێکیان گوناهن لەوەیە بڕیاری لێخۆشبوونیان بۆ بدرێت بەهۆی ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان وەکو نوێژکردن وڕۆژووگرتن وخێرکردن. بەڵام کامتان بیستوویەتی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی فیتنە گشتیەکان بکات کە بەهۆی مەزنی وتەشەنە کردنیان خەڵکی دەشڵەژێن وەکو شڵەژاوی شەپۆلەکانی دەریا؟ خەڵکەکە بێدەنگ بوون، حوزەیفەی کوڕی یەمان -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: من بیستوومە، عومەر دڵخۆش بوو بەم قسەی -ڕەزای خوای لێبێت-، وپێی ووت: تۆ باوکیشت بۆ خودا سوڵحاو بووە بۆیە ڕۆڵەی وەکو تۆی لێکەوتۆتەوە؛ بڵێ، حوزەیفە گێڕایەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: هەندێك فیتنە دەردەکەون ودەچەقنە سەر ڕوو وتەنیشتەکانی دڵی مرۆڤەوە هەروەکو چۆن ڕاخەری حەسیر دەلکێت بە لاتەنیشتی پێستی مرۆڤی خەوتووەوە، ئەم توندیە لە چەقاندندا کاریگەری لەسەر دڵ دەبێت، ئەم فیتنانە دەگەڕێنەوە

بۆ سەر دڵ یەك لەدوای یەك، هەردڵێك ئەم فیتنانە بچێتە نێویەوە وخۆشی بوێت وتێکەڵی بێت؛ وەکو چوونە ژوورەوەی خواردنەوە وتێکەڵبوونی ئەوا خاڵێکی ڕەش لەسەر ئەو دڵە دەکوترێت، وهەردڵێك ئەم فیتنانە ڕەت بکاتەوە خاڵێکی سپی لەسەر دەکووترێت، هەتاوەکو دڵەکان بەسەر دوو جۆر دابەش دەبن: جۆرێکیان سپیە چونکە بە توندی گرێدراوە بە ئیمانەوە، وسەلامەتە لە کەموکورتی، وفیتنەکان پێوەی نەلکاون وکاریگەریان لەسەر نەبووە وەکو بەردی سپی بریقەداری لووس وایە کە هیچ شتێك پێوەی نالکێت، بۆیە هیچ فیتنەیەك کاریگەری لەسەر نابێت هەتاوەکو دەگات بە دیداری خوای گەورە. ودڵەکەی تر ڕەش هەڵگراوە بەهۆی زۆری فیتنە تێیدا وەکو گۆزەی لار وسەربەرەو خوار وایە کە هیچ ئاوێکی تێدا ناوەستێت، ئەم دڵەیش هاوشێوەیە لە مانادا چونکە هیچ خێر ودانایيەکی پێوە نالکێت، چاکە ناناسێت، ونکۆڵی لە خراپە ناکات، تەنها ئەو شتانە نەبێت کە خۆی حەزی لێیەتی وئارەزووی شوێنی دەکەوێت. حوزەیفە بە عومەری ووت: ئەم فیتنانە لە ژیانی تۆدا دەرناکەون، لە نێوان تۆ وئەواندا دەرگایەکی داخراو هەیە نزیکەی لەوەی بشکێت، عومەر ووتی: هەر بە تەواوی دەشکێت؟ چونکە ئەگەر تەنها بکرێتەوە ڕەنگە بتوانرێت چاك بکرێت ودابخرێتەوە، حوزەیفە ووتی: نەخێر، بەڵکو دەشکێنرێت، وئەو دەرگایە پیاوێکە دەکوژرێت یان دەمرێت. وئەوەی باسم کرد هەواڵێکی ڕاستە وجەختی لەسەر کراوەتەوە وگێڕانەوەیەك نییە لە پەڕەکانی خاوەن کتێبەکانەوە، وڕاوبۆچوونی هیچ زانایەك نییە، بەڵکو فەرموودەی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66382